# سێ دڵۆپ

.

.

.

# ژن



**قوبادی جەلیزادە**
jalyzada@yaho.com

## عەتر

بەهاران هەور ...

گەواڵە ژنێکی تەنگاوە ،

کراسە خۆڵە مێشییەکەی تا سەر چۆکان هەڵدەکات و

بە نێو کێڵگەیەک مین دا رادەکات .

لە پڕ مینێک لەبن پێ خڕەکانیدا دەتەقێتەوە !

لە ترسا هەور

تن

ۆک

تن

ۆک ،

عەتر دەکا بە ئێمەو

چۆڕ

چۆڕ ..یش

میز دەکا بە خۆیا !!

## تەنیا ژن

خۆزگە تەنیا ژن ..

ژن باخەوان دەبوون .

دڵنیام ،

پەرژینیان لە سۆز  هەڵدەچنی .

زیکزیکەیان فێری موسیقا دەکرد .

بە چۆلەکەکانیان دەگوت :

تا  لەحەمام دەگەڕێینەوە

چاوێکتان بەو پەپوولانەوە بێت ..

خۆزگە ژن

تەنیا ژن  .. باخەوان دەبوون ..

کە لە درەختێک توورە بوونایە ،

بە فرمێسک

گەڵاکانیان تەڕ دەکرد .

کە لاساری بکردایە ، گوڵێک ،

بە مەمک هەڕەشەیان لێ دەکرد..

ئەساکە  هەنگ نەیدەزانی ،

شیلەی گوڵ هەڵمژێ

یا

شیلەی مەمک !؟؟

## گورگ

خۆزگە ..

لە شەوێکی بەفرانبارا

ژنان دەبوون بە گەلە گورگ و

من . بە رانەمەڕ.

رانەمەرێکی بێ سەگ

رانەمەڕێکی بێ شوان !!